The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# با "ليستی 730 كوردستانی" , پێش بێگانه چارەسەری كێشەكەی دكتۆر كەمال بكات.

**باڵیۆزی نەمسا سەردانی دكتۆر كەمالی لە شاری هەولێردا كردووه.**
**ڕێكخراوی (پێن كلاب) pen club بڕیاری داوه, نامه ئاراسەی سەرۆكی 150 وڵات بكات.**
**حكومەتی ئەڵمان لەسەر كێشەی دكتۆر كەمال لێكۆڵینەوەی خۆی دەكات.**

---

بەپێی سەرچاوەیەكی تایبەت و باوەڕپێكراوی (چاك), پاش ئەوەی كە لە لایەن بنەماڵەی دكتۆر كەمالەوە 2 نامە ئاراستەی سەرۆكی نەمسا Hans Fischer و ڕاوێژكاری نەمسا Wolfgang Schüssel كرابوو, لە لایەن بەڕێزیانەوە پەیوەندی بە باڵیۆزی نەمسا كرا و خودی باڵیۆز, سەردانی دكتۆر كەمالی لە شاری هەولێردا كردووه.

بەپێی هەمان سەرچاوە, دەزگا بەرپرسەكان لە حكومەتی ئاڵمان ئاگاداركراون كە سەردانی بنەماڵەی دكتۆر كەمال بكەن لە ئەڵمان و لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری دویسبێرگ سەردانیی كردوون و بۆ ماوەی 2 كاتژمێر گفتوگۆیان كردووه و لە بارودۆخەكە كۆڵیونەتەوە و نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە بەرامەر بەو جۆرە گرتنه.

بەڕێوەبەری پۆلیس و شاندەكەی هەر لەولیدا, لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە زانیاریی زیاتریان لەسەر دۆزەكە لەو لەو بەیاننامە و نوسینانەوە كە لەسەر دكتۆر كەمال نوسراون وەرگرتووە و كۆپی بەشێكیان لەگەڵ خۆیان بردووە و سەرنجی ئەو نامانەشیان داوە كە ئاراستەی سەرۆكی ئەمریكا و بەریتانیا و سوید كراون و ڕاستەوخۆش گوێبیستی ئەوە بوون كە لە ژووری كوردستان یونایتد Kurdistan United باس لە كێشەكە دەكرا. لە كۆتاییدا ڕایانگەیاند كە ئەوانیش لێكۆڵینەوەی خۆیان دەكەن.

لە لایەكی تریشەوە ڕێكخراوی (پێن كلاب) pen club كە لقیان لە 150 وڵاتدا هەیە, پەیوەندیان بە بنەماڵەی دكتۆر كەمالەوە كردووە و بڕیاریان داوە لە هەموو ئەو 150 وڵاتەدا, سەبارەت بە كێشەكەی دكتۆر كەمال, نامە ئاراسەی سەرۆكی وڵاتەكان بكەن.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد (چاك).**
**2005-12-13**
**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**